مەسعود بارزانی و نەردەی ئەمریکا بۆ سوریا پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامدا



مەسعود بارزانی و نەردەی ئەمریکا بۆ سوریا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا جەختیان کردەوە لە پێویستی بەردەوامی گرتنبەری هەموو هەنگاوێك بۆ ئاوەی رێگە لە پشێوی و ئاڵۆزی و شڵە بگیرێت و ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە جێگیر ببێت.

ئەمڕۆ یەکشەممە ٨ـی شوباتی ٢٠٢٦، بارەگای بارزانی لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە، مەسعود بارزانی لەگەڵ تۆم باراک، نەردەی تایبەتی ئەمریکا لە سوریا پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامدا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە بۆ گشتی و دواین پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی سووریا.

ئاماژە بەوەشکراوە، لە پەیوەندییەکەدا هەردوولا هاوڕا بوون لە پێویستی بەردەوامی گرتنبەری هەموو هەنگاوێك بۆ ئاوەی دەگەڵ لە پشێوی و ئاڵۆزی و شڵە بگیرێت و ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە جێگیر ببێت.

هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنیەدا هەردوولا دەستخۆشیان لەیەکتری کرد بۆ ئەو رۆڵە کاریگەرەی کە لە بەرقەراربوونی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا گێڕاویانە.